
# ڕێگا باریکەکانی ئاوات قارەمانی
# لە ناو یاداشتی ئەنفالدا

ڕەخنە

ئاسۆ بیارەیی/29-5-2007 سوێد




**ڕێگا باریکەکان ڕۆمانە یاداشتە**، کە پێشمەرگەی دێرین ئاوات قارەمانی تیایدا باسی ڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتی دەکات و کۆمەڵێک یاداشتی بە نرخ دەگێڕێتەوە..
من سەرەتا دەستخۆشی لێ دەکەم کە توانیویەتی بەشێک لە خەباتی گەلی کورد بنووسێتەوە. بریا زۆربەی پێشمەرگەکانی تریش هەمان کاریان بکردایە، چونکە ئەو بەشێکی گرنگی مێژووی بزوتنەوەی کوردە، بە باش و خراپەوە.

بەڵام ئەوەی کە پێوەستە بە باسکردنی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە، ئاوات لە لاپەڕە 596 تاکو 599 بە جۆرێکی تر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە لە ڕاستیەوە دوورن کە : دەڵێت حزبی شیوعی هەڕەشەی ئەوەیان لێکردوین کە ئەگەر یارمەتیان نەدەین لە کشانەوەی هێزەکانیان، لە نێوان ناوچەی بازیان و هەمەوەند بۆ ئەوبەر ئاخجەلەر ، ئەوان بەیاننامەمان لە سەر دەردەکەن. نازانم ئاوات ئەم قسەیەی لە کوێوە هێناوە؟ چونکە تا نزیک بازیانیش هەردوو هێزەکە(حشع و ینک) پێکەوە چالاکی هاوبەشیان دەکرد، هەروەها ئەگەر ئەو خواردنەی حشع نەبوایا کە لە قۆپیەکانی قەرەداغ کە حەشاری دابوو، زۆربەی پێشمەرگەی لایەنەکان لە برساندا خۆیان ئەدایەوە دەست حکومەت و دووریش نەبوو یەکتریان بکوژن، ئەوەش قسەی زۆربەی پێشمەرگەکان بوو بە تایبەتی پ م ینک . یان ئاوات با ئەو باسە لە گەڵ حەمەڕەشیدی قەرەداغی بکات، کە یەکێک بوو لە شارەزاکانی حشع. بەداخەوە ئاوات تەنها لێرەدا لە ڕاستی لای داوە و ڕۆڵی بوونی حشعی کەمکردووەتەوە. دانیشتوانی ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان و خودی پ م ینک شایەتن کە پ م حشع چ داستانێکی لە شەڕەکانی ئەنفال تۆمارکرد، هەرچەندە ژمارەیان کەمبوون.

هەر لەو لاپەڕانەدا دەڵێت: حشع عەرەب و پەککەوتەیان لە گەڵ دابوو، ناڵێت زیاتر لە 15 بریندارى شەڕەکانیان پێ بوو. خوزگەی نەک تەنها ئاوات قارەمانی، بەڵکو هەردوو زلهێزەکەی کوردستان کەمێک بە ویژدانەوە باسی خەباتی پ م حشعیان بکردایە. ئاخر ئەگەر شەڕەکانی میریاسی و کۆڵوش و تازەشار و بناری. گل و داوێ و تووکن.. ..هتد .ئەگەر بە داستان دانەنرێت، ئەی ئیدی چی ناوی خەباتە. کاک ئاوات دەبوو باسی سەرۆک جاشێکی وەکو لالە سەرحەدیشی بکردایە کە هاتبووە ناو ریزەکانی ینک و بەرەی زنجیرە شاخی ناوتاقی دا بەست داگیرکەرانەوە و خەریک بوو پێشمەرگە ینک و حشع بفرۆشێت لە ڕۆژانی 22 تا 3/25 1988.

ژمارەی ئەوە عەرەبانەی کە لە مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حشع بوون، زۆربەیان شەڕکەر بوون و هەندێکیشان لە کاتی شەرەکانی ئەنفالدا و هەندێکیان بەدەست پێشمەرگەکانی ینک داوی ئەنفال شەهیدکران : **بۆ نموونە هێمنەڕەش کە سەرتیپی 59 حەمرین بوو و لە گەڵ چەند پ م تری ینکدا کە یەکێکیان ناوی کادیر شوان بوو، لە نێوان مانگی6 و1988/7 هاورێ چیا ، دڵشاد و سلام لە نزیک کانی تورکە, لە نزیک هەردی سێپا لەلای قادرکەرم دڕندانە شەهیدکردوو لاشەکانیان هەروا فڕێ دابوون و تەنانەت هاورێ ملازم سعدیان بە بریندارى وەکو چەپکە گوڵێک بۆ فاشستەکانی بەغدا کاتی تەسلیم بوونوونەوە لە گەڵ خۆیان بەدیلی بردوو. یەکێک لە جاشەکان گیرابویەوە کە ملازم سعد ووتبووی من شانازی بەو شەرواڵی کوردیەوە دەکەم کاتێک ئەمنەکان پێیان ووتبوو ئەوە کاکە تەسلیمی کردیت، کاکەکان هەموویان خائینن. مولازم سعدیش تفێک لە هێمنە ڕەش دەکات.** کەواتە بۆ ڕاست کردنەوەی بۆچونەکەی ئاوات پ م حشع بارنەبوون بەسەر ینکەوە، بەڵکو شەڕیان

دژی فاشستەکان کردووە و هاوسەنگەری پێشمەرگەی ینک و پێشمەرگەی لایەنەکانی تر بوون و بە دەها بەرزترین کادیریان شەهید بووە. ئەو پرسیارەی کە ئاوات قارەمانی دەبێت لە خۆی و حزبە عەرەبپەرستەکەی بکات، ئەوەیە ئایا پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی پاسداربوون تا یەکێتی دەستیان ڕاکێشێت بۆ سووتاندنی بیرەنەوتەکانی کەرکوک، پێشمەرگەکانی حشع هێزێکی پاڵ پشت و هاوسەنگەر لایەنەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بوون و لەڕاپەڕینی ڕاپەڕینی بەهاری 1991 شان بەشانی جەماوەری کورد قوربانیان داوە.
تەنها لە پرۆسەی داوی ئەنفالدا، لە ناوچەی گەرمیان قەرەداغ، دەها کادیری پارتیزانی شیوعی کورد و عەرەب شەهیدبوون،،لەوانە: هاوڕێ جەوهەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو . ئەحمەد بازۆکە، بایز سید باقی و هاوڕێ کانی کە دیسان بە دەستی پێشمەرگەی ینک شەهیدبوون لە بناری سەنگاو لە مانگی 5 ی 1988. هێمن. ڕێبوارە سوور، جوتیار..

نووسینەوەی مێژوو بەو شێوەیە نەک تەنها کەلێن دەخاتە ناو پیرۆزی باسەکە، بەڵکو خاوەن یاداشەکەش لای خوێنەر دەخاتە گومانەوە چونکە ڕاستی درەنگ یا زوو ئاشکرا دەبێت. کاک ئاوات، دەتوانێت لە شیخ کەریم بپرسێت کە پ م حشع پێش و دوای ئەنفال چون بە گژ داگیرکەرانی کوردستاندا دەچوونەوە ساڵی 1988. تەنانەت هەندێ کادیری ینک کە لە گەرمیان مابوونەوە، زیاتر بڕوایان بە پێشمەرگەکانی حشع بوو تا پ م ینک کە هەندێکیان هاوبیرانی خۆیان بە حکومەت تەسلیم دەکردەوە.

خاڵێکی گرنک کە ئاوات قارەمانی لە بیری چووە ئەوەیە، کە پێشمەرگەکانی ینک و حشع لە و ماوەیەدا هەمیشەی پێکەوە دژی سوپای ئەنفال دەجەنگان نەک تەنها لە کشانەوەدا یەکیان دی بێت. دیارە ئاوات لێرەشدا لە بەر زاڵبوونی هەست و لایەنگری بێ سنووری بۆ ینک، نەی وویستووە ڕاستی باس بکات، یان لە سۆزدا نەی بینیووە!!!!!!!!!!!!!

من پێم وایە کە ئاوات قارەمانی و هەندێ کەس و لایەنی تر، کە ڕقیان لە حزبی شیوعیە لە بەر ئەوە نیە کە حزبێکی عێراقیە و عەرەبی تیایە، بەڵکو ئەو ڕقە ڕقێکی چینایەتیە کە گەڵ بەرنامەی ئەو ئەو حزبانەدا ناگونجێت. ئەگینا نە شارەزایی کەی بەهەڵە دەژمێردرێت، یان منیش وەکو ئاوات قارەمانی دەبێت بڵێم: **پ م ینک بۆ نان لە قۆپیەکانی قەراغ لە پێشمەرگەی شیوعی دەپاڕانەوە، یاخود بۆچی ینک دەیهێشت بێجگە خۆی هیچ هێزێکی تر لە ناوچەی سۆران تا دووساڵ پێش ئەنفال چالاکی بکات.** باشە خۆ ئێستا مام جەلال و هەندێ دەسەڵاتداری ینک لە شۆڤێنستەعەرەبەکان عەرەبترن و شانازی بە و عێراق و ئومەی عەرەبی دەکەن، کە گەلی کوردی ئەنفال کردووە و بە سەدەها وەکو وەفیق سامەرایی و نزارخەزرەجی لە سلێمانی و هەولێر لە لایەن ینک و پدکەوە داڵدە دراوان. ئاخر مەترسی پەروەردەی تاکڕەوی لەوەدایە، کە ئەندامی ڕێکخراوێک یان بنەماڵەیەک، وادەزانن ڕاستی تەنها لای خۆیانەوە و دونیا تەنها بە چاویلکەی خۆیان دەبینن. لێ ئەوە کەی هەڵوێستە ئەگەر لە قینەوە نەبیت ئاوات واتەنی با بەجێیان بهێڵین، خەباتکەر چۆن هاوسەنگەری خۆی بە جێ دەهێڵێت. حشع وا پ م خۆی پەروەردە دەکرد کە هەرگیز بە چاوێکی دوژمنەوە سەیری لایەنەکانی تر نەکن، بە پێچەوانەی هەندێ لایەنی تر کە هەمیشە لە بۆسەدا بوون بۆ کەمکردنەوە و لاوازی حشع.
ئاخر ئا ئەمەیە لاوازترین خالی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، کە لە ناوەوە دوژمنی سەر سەختی خۆی و گەلەکەیەتی و بۆ داگیرکەرانیش خۆی دەکاتە بەرماڵی نوێژ و پردی پەڕینەوە. بڕوانە کاک ئاوات! دوای نۆزدە ساڵ ئەنفال و وونبوونی زیاتر لە 180 هەزار ئینسانی کورد، هێشتا ئەو پرۆسەیە وەکو کۆکوژی نە هاتووەتە ناسین. ئەوەش پێش داگیرکەران، سەرانی کورد و هەردوو زلهێزەکەی باشووری کوردستان بەرپرسی یەکەمن، چونکە کارێکی وایان نەکردووە بۆ ناساندنی ئەنفال، بەڵکو بازرگانیان بەسەرەوە کردووە، بەڵکو بە سەدەها سیخوری گەندەڵیان خزاندوەتە ڕیزەکانیان.

لە کۆتاییدا دەڵێم : ئەمە کاری من نیە ڕەخنەیەکی وا بنووسم، ئەوە ئەرکی دەزگای ڕۆشنبیری ئەو حزبەیە، حزبی شیوعی عێراق و بە تایبەتی حزبی شیوعی کوردستان کە ئێستا ئەندامەکانی بەسەر دوو دەسەڵاتی گەندەڵدا دابەش بوون، ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی ینک لە یەکێتی یەکێتی ترن و لە هەولێریش لە بارزانی پارتی ترن و مووچەخۆری ئەوانن و سەربە خۆیی

خۆیان لە دەست داوە هەندێ جاریش موسڵمانی بەر محرابن. بەڵێ  کە خەباتی کرێکاران و هەژارانی کوردیان کردووەتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی و لە هێزێکی ئەکتیڤەوە بوونەتە هێزێکی پاسیڤ و مشەخۆر و گەندەڵ.

**دووبارە دەستخۆشی لە ئاوات قارەمانی دەکەم و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم. تەنها مەبەستم کەمێ ڕاستکردنەوە بوو. هیوادارم ئەمجارە کە شتی نووسی کەمێ ڕەنگەکانی تریش ببینێت، نەک تەنها ڕەش و سپی؟**

http://www.regaykurdistan.com/newspapers/regaykurdistan/2007/737/0http://www.regaykurdistan.com/newspapers/regaykurdistan/2007/739/11.pdf

سرية وفورية 004913 تاريخه ١٠/٤

[illegible]

من/ فيلق ١ (ش اد - ا س)
الى/ ١٣ س ع ع (ش ٢)
و/ فرقة ٤ - فرقة ٢٢ - ل ل/ ٥٠ - فرقة مغاوير دو/١ - ا س فيلق ١

رقم البرقية/ ا س/ ل ٢/ ١٢/ ٢٨٢ ٢/ فصاد

خلاصة الاستخبارات لعمليات الانفال ليوم ٨/٤ (٠) فوج ٢٢ (٠) تم اسر (٥) مخربين اثنان منهم من زمرة الحزب الشيوعي العميل وثلاثة من عملاء ايران كما تم قتل (١٥) مخرب اخرين وجلبت جثثهم الى مقر الفرقة المذكورة وعرف من بين القتلى المخربين كل من (٠) ١ (٠) الملازم سامي المسؤول العسكري للتاليبة الرابع للحزب الشيوعي العميل (٠) ٢ (٠) بهاء الدين معلم آمر فصيل في التنظيم العسكري للحزب الشيوعي (٠) ٣ (٠) اوات مجهول اسم ابيه (٠) ٤ (٠) كاظم حكول آمر سب/ ١٥ تربابه (٠) ٥ (٠) نظام مجهول اسم ابيه (٠) ٦ (٠) قادر محمد (٠) ٧ (٠) قاسم مجهول اسم ابيه (٠) ٨ (٠) جبار خوا كرم (٠) ٩ (٠) غالب عبد الله (٠) ١٠ (٠) نظام محمد قطانه (٠) ١١ (٠) احمد مجهول اسم ابيه (٠) ١٢ (٠) ياسين مجهول اسم ابيه (٠) المذكورين من زمرة عملاء ايران (٠) فرقة مغاوير دو/١ (٠) بالساعة ١٨٢٠ يوم ٩/٤ تم تطهير قرية قيشول (٤٠٢٠) من قبل فوج دو/٢ بعد معركة خاطفة تمكنوا من تكبيد المخربين خسائر فادحة تركت جثث ثلاثة منهم في ارض المعركة كما اندفع الرتل بعدها باتجاه قرية كروه (٩٨١٠١١) وتم تطهيرها من المخربين والقي القبض على ثلاثة مخربين مع جرحى ١٣ سلحتهم توفي احدهم متأثراً بجراحه (٠) عسم (٠) لوحظ في المصادمات الجارية مع المخربين في قاطع قادر كرم تركه المخربين جثث قتلاهم وجرحاهم في ارض المعركة (٠) تعليق (٠) ان هذه الظاهرة مؤشر ساطع على الانهيار المعنوي الكامل في صفوف المخربين وفداحة الخسائر التي لحقت بهم .

العميد الركن
ق/ قائد الفيلق الاول

طبق الاصل

هێزەکە لەگەڵ ئێمە بوو. کاک شێخ جەعفەر لەگەڵ هێزێکی تر بڕیاربوو لە دیوی هەمەوەندەوە بڕۆن. لە دەربەنی ئاباسەرەوە بچنە ناو هەمەوەند. بە بناری هەمەوەندا بپەڕنەوە بۆ بەری ئاغجەلەر. بە برادەرانی حیزبی شیوعیمان وت:

" -ئێوەش خۆتان کوێ بە باش ئەزانن، لە وێوە بڕۆن. "

هەموو خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بە ڕێکەوین. چونکە لە چوونە بازیان، هەر دەبوو لەو شەوە بپەڕینایەتەوە. نەدەتوانرا بە ڕۆژ لە ڕێ بمێنینەوە. بوار نەمابوو. ئەگەر نەچووینایە، بۆ بەیانی تیا دەچووین لە بەر ئەوەی ناوچەی بازیان دەشت بوو. هەمووشی بە ڕەبایەو موعەسکەر گیرابوو. بروسکەشمان بۆ هیوا بارۆیی کردبوو، کە بە خۆی و مەفرەزەیەکەوە، بێت بۆ دیکەی خۆیان لە ناوچەی بازیان بۆ شارەزایی کە بمان پەڕێننەوە. خەریک بوو بە ڕێ دەکەوتین، دووسێ کەس لە برادەرانی حیزبی شیوعی هاتن وتیان:

" -ئێمە ناتوانین خۆمان بپەڕینەوە، چونکە شارەزا نین. لەبێ ئێمەش لەگەڵ خۆتان بەرن. "

کە وتیان شارەزا نین، بە لامەوە سەیر بوو!، چونکە بە ڕاستی خەڵکی ناوچەکەش بە قەد ئەوان شارەزا نەبوون. ئەوان بۆ ئەو شتانە ڕاهێنرابوون. کون و کەلەبەری ناوچەکە شارەزا بوون. وتمان:

" -ئەم هێزەی ئێمە زۆرە، فریا ناکەوین دەرچین. هەموو تیا ئەچین ئێوە بۆ خۆتان بڕۆن باشترە. "

وتیان:



" -ئەگەر بمان بەن، ئێمە هەموو تیا ئەچین، ئێوەش مەسئول دەبن بەرامبەر بە مێژوو. دوایی بەیانتان لە سەر دەرئەکەین. لە ئێوە بەیانتان لێ کردووین. "

لە دڵی خۆمدا وتم:

" -بە خوا حەقی وایە بە جێیان بهێڵین، کە ئەزانن هەمووتان تیا ئەچن. بە ئێوە بەیانمان لە سەر دەرئەکەن. مەگەر لەو دونیا بەیان دەرکەن، دنیا هەر دەری کەن. "

دیار بوو کاک قادر بەرەبی پیایاندا هاتەوە وتی:

" -با بێن، یان هەموو بە یەکەوە تیا ئەچین، یان بە یەکەوە دەرباز ئەبین. "

پێم وایە کاک قادر لە بەیانەکە ترسا، بۆیە وتی باشە وەرن. زۆر بووین بەسەر لە قازان قایەوە بە ڕێکەوتین. بۆ ئێوارە چووینە بارۆیی. هیوا ئامادەبوو. خۆمان هەندێک پێشمەرگەمان لەگەڵ بوو، شارەزای ئەو ڕێگایە بوون یەکێک لەوانە دێو حەسەن بوو. بە بناری شاخەکەدا کەوتینە ڕێ، بەرەو لەیلاخی. من لە ناوەڕاستدا بووم. کاک عومەر فەتاح لە پێشەوە بوو. کاک قادر لە دواى هێزەکەوە، دایەش بووین. هەر بە ڕاگە ڕاگە بۆ ئەوەی بتوانین زوو لە جادە بپەڕینەوە. چونکە ئەگەر نەمانپەڕیبایە، دەبوو تەسلیم ببینەوە. لە بەر ئەوەی لە ناو حکومەتا بوو. دەڤەرەکانیش موعەسکەرو ڕەبایە بوون. کاتێکمانزانی، هێز دابڕاوە. ئەمە بێگەیەنن یەک بەوی تر بڵێت:

" ئاگاتان درەنگە "

لەبەرئەوەی برادەرانی حیزبی شیوعی زۆریان عەرەب لەگەڵ بوو، هەر نی نەدەگەیشتن چیان پێ وتون. کەسیش ئەوەی لە بیر نیە، کە لێیە عەرەبمان لەگەڵدایە. لە بەر ئەوە دادەنران. دەبوایە بوەستاینایە هەتا دەبوو دەهاتن. ئەحەمولمان نەمابوو. بێزار ببووین بە دەسلیانەوە. زۆر خەڵکی پیریشیان لەگەڵ بوو. نەیان دەتوانی رابکەن. هەتا چووینە سەر جادەی ئەولایی، خەریکبوو خۆر دەکەوت. تەواو دونیا روناک ببوو، هێشتا زۆری هەر لە سەر جادەکە نەپەڕیبوونەوە لەو بەری جادەکە. بە سەر شاخەکەشەوە دەنگ دەهات. هەر هاوار هاواریان دەکرد:

" -راکەن عەسکەری هات."

من وامدەزانی پێشمەرگەکانی خۆمانە گەیشتونەتە ئەوێ و چاویان لە قافڵەیە لە کەرکوک-سلێمانیەوە هاتوون هەر دەڵێن راکەن. من و کاک عومەریش لە سەر جادەکە وەستاوین، هەر بە پاڵ پێشمەرگەکان دەپەڕانەوە لەو بەری جادەکە. لە بەینی کۆمەڵگای ئەولایی و سەیتەرەکەی ئەولاییەوە، پەڕینەوە چووینە ئەو بەری جادەکەو خۆر کەوت. ئیتر بەو شاخەدا سەرکەوتین بۆ پشتی زاینەرو کلاش کەران. لە پێشمانەوە گوێم لێ بوو هۆرەیان دەکرد. منیش دووسێ قسەم پێوت

وتم:

" -گوێ بگرە کاک عومەر، چەند بێ عارن گۆرانی ئەڵێن"

وتی:

" -بۆ تۆ وا ئەزانی ئەوانە کێ بوون لە پێشمانەوە هاواریان ئەکرد راکەن جەیش هات."

وتم:



" -باش پێشمەرگەی خۆمان نەبوون؟"

وتی:

" -نەوە ئەوانە جاشەکان بوون. تایبەتی رەبایەکانیان لە سەر شاخەکەیە."

خۆیان هاتبوونە خوارەوە بۆ سەر رێی پێشمەرگەکان. زۆر سەیر بوو بە ئەمجا باش ئەوەندە پیاو بوون. بە راستی ئەو جاشانە بیان ویستایە؛ زۆریان لێ دەکوشتین. نەشیان دەهێشت وا بە ئاسانی بپەڕینەوە. تێیکی زۆر باش بوون ئەو جەماعەتە. زۆریان پێڵاوەکانی خۆیان بە پێشمەرگە دا. بەهاربوو قوڕیکی زۆر بوو. باش بوو دەرباز بووین. بووینە سەر شاخەکە لە وێ هەموو خۆماندا بە زەویدا. لەو سەر عەرزە هەتا نیوەڕۆ خەوتین. ئەوجا هەڵساین بە رێکەوتین بەرەو گوندی ... گوندێک بوو لە سەر شاخەکە دەیڕوانی بە سەر چەمی ... ئیتر ترسمان نەبوو. هێشتا حکومەت بۆ ئەو ناوە نەچوو بوو. ... گوندەکان ئاوەدان بوون. کە بینیان وا مەڵبەندی یەکیش گیراوە، هەموو خەڵکی ناوچەکە ئەزنۆیان شکا. زانیان ئیتر نۆبەی مەڵبەندی ... ئێمەش هەموو هێزەکەمان گەیاندە سنوری مەڵبەندی دوو، بووینە گوندی عەسکەر. بەڵام ئەو هێرشەی حکومەت بۆ مەڵبەندی ... بۆ ئەوە بوو نەیەڵێ کەس دەربچێت. لە پێشدا پەلاماری ناوچەکانی قەرەداغی دا. ئەو ناوچانەی گرت، کە شاخاوی بوون. ... کردن بە دیوی گەرمیاندا. ئەنفالی سێ گەورەترین زیانی لە خەڵکی کورد دا. بە تایبەتی بە کینی، چونکە خەڵکی گەرمیان زۆربەی ... بە کینی بوون. زۆرترین خەڵکی ئەنفال لە سنوری مەڵبەندی یەک